# جارێکی دیکەش گەڕانەوە بۆ (نالی) و هەڵگەڕانەوە لە (گۆران)

سەدیق سەعید ڕواندزی
(ڕواندز)

مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی زمان، دەکەوێتە دوای دروستبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ سەرەتا بە ئاماژە و لە ڕێگەی وێنە و هەڵکۆڵینەوە، گوزارشتی لە بیر و داخوازییەکانی کردووە، دواتر زمان، وەک پێداویستییەکی ژیان و ئەڵقەی پێوەندی لە یەکتر گەیشتن، دێتە ئاراوە، بۆیە زمان بە گشتی، ئامرازێکە بۆ گوزارشت و دەربڕین و گەیاندنی ئەو هزر و بیرانەی لە هزرماندایە، نکوڵی لەوە ناکرێت کە زمان، ڕۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و تاکە خاسییەتی جیاکردنەوەی مرۆڤیشە لە بوونەوەرەکانی تر، بەڵام دەبێ بزانین، زمان هەموو بوونێکی مرۆڤ نییە، چونکە ئەگەر بوونی مرۆڤ بە بوونی زمان ببەستینەوە، ئەوکات دەبێ بپرسین ئەی ئەوانەی زمانیان نییە، چۆن گوزارشت لە بوون و هزر و ڕوانینەکانیان دەکەن؟ چۆن دەتوانن پێوەندی لەگەڵ دەوروبەر و ئەوانیتر و ژیان بەگشتی ببەستن؟ بێگومان بە ئاماژە و گەیاندنی بێ دەنگ، بۆیە دواجار زمان، هەر تەنیا ئەو گەیەنەرەیە کە دەربڕینەکان دەگەیەنێت، لەوە زیاتر، لە ئاستی کەسی و کۆمەڵایەتیدا، هیچ بایەخێکی دیکەی نییە، هاوشێوەی ئەو هێڵەی تەزووی کارەبا دەگوازێتەوە کە هێڵەکە بوونی نەبوو، مانای وا نییە تەزووی کارەباکە بوونی نییە، بۆیە هزر، لە پێشەوەی زمانە، زمان نابێتە پێناسە و شوناس بۆ مرۆڤ، بەڵکوو چی لە پشت ئەو زمانەوەیە، ئەوە دواجار ئاگایی و هۆشیاری و ژیری مرۆڤ دەردەخات.

زمان ڕەنگدانەوەی ئەو هزرانەیە کە مرۆڤ هەیەتی، وەک چۆن سوقرات دەڵێت: (قسە بکە تا بزانم کێی) قسەکردن لێرەدا بە مانای ئەوەیە چی دەڵێیت، چونکە ئەوە هزرە لە پشت قسەکردنەوە دەوەستێت و ئاماژە بە زمان دەدات، چی بڵێت و چی دەرببڕێت، بۆیە بەستنەوەی هەموو لێکدانەوەیەکی ژیان و هەموو ئاماژەیەک بە زمان، تێزێکی هەڵەیە. ئەوە زمان نییە، مانا دروست دەکات و شوناس بە شتەکان دەدات،

ئەوە هزر و بیری مرۆڤە، دیاردە و تۆخمەکانی ژیان دەخاتە چوارچێوەی زمانێکی ئاماژە پێ دراوەوە، ئێمە کە بەردێک، دارێک، ئاو، ئاگر و دەیان و هەزاران شتی تریش دەناسینەوە و گوزارشتیان لێ دەکەین، چونکە لە بیرماندا، ئەو تۆخمانە ناوێکیان هەیە و پێیانی دەناسینەوە، مەگەر مرۆڤێکی(کەم ژیر) ئەگەر زمانیشی هەبێت، دەزانێت خێزان، تەکنۆلۆژیا، فرۆکە و سەدان شتی تر چین؟ بۆیە دەبێ بزانین زمان بەرهەمهێنەری هیچ شتێک نییە ئەگەر لە پێشدا هزر بەرهەمهێنەری نەبێت، لەو سۆنگەیەوە کاتێ وتاری (گەڕانەوە بۆ نالی و هەڵگەڕانەوە لە گۆڕان) م خوێندەوە، کە (حسەین لەتیف) نووسیویەتی و لە ژمارە (٢٧٧- ٢٧٨)ی گۆڤاری سەنگینی (ڕامان)دا بڵاوبووەتەوە، وەک خوێنەرێک چەند سەرنجێکی زمانەوانی و بابەتیم لادروست بوون، کە بە بڕوای من، پێویستیان بە هەڵوەستەکردن و ڕاستکردنەوە هەیە، چ لە چوارچێوەی وتارەکە بە گشتی، چ لە چوارچێوەی دیاریکردنی وشەی عەرەبی لە شیعری کوردیدا، چونکە حسەین لەتیف خۆیشی، یەکێکە لەو کەسانەی دەیان وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیدا هەیە، کە واتا بۆچی بۆ ئەو ڕەوا بێت، بۆ شاعیرانی تر نا؟ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، نووسەرێک ئەو کاتە دەتوانێت ڕەخنە لە بەعەرەبیکردنی زمانی کوردی لە شیعردا بگرێت، کە خۆی زمانێکی کوردییانەی پەتی و ڕەسەن لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات، دەنا ڕەخنەگرتنەکە هیچ بایەخێکی نییە.

نووسەر لە سەرەتای وتارەکەیدا، لە بارەی زمانەوە بە گشتی دەدوێت و دەنووسێت: (کاتێک زمان وەک سیستمێک لە نیشانە سەیر دەکەین، دەشێت لە نێو ئاخێوەرانی زماندا، جۆرێک لە ڕێککەوتن لەسەر نیشانەکردن بۆ شتەکان لە ئارادا بێت، هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین گوڵی



حسەین لەتیف

سوور نیشانەیە بۆ خۆشەویستی و گوڵی سپیش نیشانەیە بۆ سەردانیکردنی نەخۆش، کاتێک پرسیاری هەر جۆر گوڵێک بکەین، فرۆشیارەکە دەزانێت ئەم گوڵانە نیشانەن بۆچی). وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ دا، زمان پێدراوێک و نیشانەیەک نییە بۆ دالەکان، ئەوە هۆش و بیری مرۆڤە نیشانە دەداتە تۆخمەکان، بە نموونە گوڵی سوور کە نیشانەی خۆشەویستییە، ئەوە لە ڕێی زمانەوە ئەو مەدلوولە ناناسینەوە، بەڵکوو هزر و تێگەیشتنی ئێمەیە بۆ گوڵەکە کە وەک هێمایەک بۆ عەشق و خۆشەویستی دەیبینێت، کاتێک گوڵێکی سوور دەدەینە دەست منداڵێکی تەمەن شەش ساڵی، ئاخۆ ئەو دەزانێت ئەم گوڵە نیشانەیە بۆ خۆشەویستی؟ کەواتە نووسەر چۆن ئەو گشتاندنەی زمان دەکات کە کاتێک مرۆڤ گوڵی سوور دەبینێت، بیری بۆ خۆشەویستی دەچێت؟ نە گوڵی سوور و نە گوڵی سپی، هیچ دەلالەتێکیان نییە ئەگەر مرۆڤ خۆی لە ڕێی هزرییەوە مانایەکیان نەخاتە پاڵ، چونکە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە هەر کەسێک ئەو گوڵەی بینی، بیری بۆ خۆشەویستی دەچێت، کەواتە زمان تەنیا نیشانەیەکە، بۆ نیشانەکراوێک

بە تەنیا. گریمان ئەگەر کەسێکی کەم ژیر گوڵێکی سوور ببینێت، بیری یەکراست بۆ ئەوە دەچێت کە هێمای خۆشەویستییە وەک ئەوەی نووسەر نووسیویەتی؟ نووسەر لە درێژەی وتارەکەیدا دەنووسێت: (کەسێک بە بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی لێ بەرز بێتەوە، دەتوانێت ئێمە تێ بگەیەنێت کە ئازارێکی هەیە، ئەویش کاتێک دەستی لەسەر شوێنێکی لەشی دائەنێت) با وای دابنێین، کەسێک بە هەڵە و بۆ مەبەستی چەواشەکردن و فریودانی بەرانبەرەکەی، دەست لە سەر شوێنێکی لەشی دادەنێت و وا خۆی دەنوێنێت، کە ئازارێکی توندی هەیە، کە لەبنەڕەتدا وا نییە، ئایا تێگەیشتنی ئێمە بۆ زمانی ئاماژەی ئەو کەسە، لێرەدا هەڵەیە، یان ڕاست؟ ئەوەی ئەو گوزارشتی لێ دەکات لە ڕێی ئاماژەکانی خۆیەوە دروست و مانادارە، یان شێواندن و فریودان؟

کێشەی نووسەر ئەوەیە کە بە هەمان ئەو دیدگا گشتییەوە دەڕوانێتە زمان کە نووسەرانی کورد وەک پیرۆزییەک دەبینن کە ئەویش کاتێک هایدگەر دەڵێت (زمان ماڵی بوونە)، واتە بوون بە زمان دەبەستنەوە. لە کاتێکدا زمان هیچ بایەخێکی نییە، ئەگەر هێزی مرۆڤ مانایەک بە نیشانەکانی ئەو زمانە نەدات، مرۆڤ دەتوانێت نمایشی جۆراوجۆر لە ڕێگەی زمانی ئاماژە، تەنانەت زمانی دەربڕین و گوتنیشەوە بکات، بە بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکی بە ڕەهەندەکانی زمان خۆیەوە هەبێت، ئەمە لێکدانەوەکانی مرۆڤە، ڕەهەندە شاراوەکانی پشت ئەو زمانە لێک دەداتەوە و دواتر مانا بە ناوەڕۆک و گوتاری زمانەکە دەدات.

هەر لە درێژەی وتارەکەیدا، حسەین لەتیف دەنووسێت: (هێماکانی هاتوچۆ زمانێکی تایبەت بە کولتوورێکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو تەواوی کۆمەڵگاکانی جیهان ڕێککەوتوون کە ئەمە زمانی نێوان شوفێر و پیادەڕۆشە) هەڵبەتە هێماکانی هاتوچۆ، تەنیا ئاماژەن بۆ شوفێر و زۆرینەی هەرە زۆریان، هیچ پێوەندییەکیان بە پیادەڕۆوە نییە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، هێماکانی هاتوچۆ ئاماژەی زمانەوانی نین، بەڵکو ئاماژەی وێنەیین، واتا ئەو هێمایانە لە ڕێی بینینەوە دەناسینەوە نەک زمان، لێرەوەش بایەخی ئەو هێمایانە بۆ کەسانێک کە نابینان هیچ نییە، ئەگەر زمانی ئاماژە و دەربڕینیشیان هەبێت، وەک ئەوەی نووسەر نووسیویەتی کەواتە زمان بە گشتی، پێدراوێکی سرووشتی و فیزییکانەی مرۆڤە و لە دەرەوەی هۆش و بیرکردنەوە، هیچ بایەخێکی نییە، هەموو مانا و ئاماژەکانی زمان، ئەو کاتە دەلالەتێکیان دەبێت کە هێزی مرۆڤ ئاراستەیان بکات. دەنا بوونی زمان بە تەنیا ناتوانێت ئاماژە و شوناس بە هیچ شتێک بدات.

بەشی دووەمی وتارەکەی نووسەر، لە بارەی دیاریکردنی وشەی عەرەبییە لە شیعری دوو شاعیری کورد دا، دیارە ڕەنگدانەوەی وشەی عەرەبی و زمانەکانی تریش لە بینای هونەری دەقی شیعریدا، هەر لە سەردەمی شیعری کلاسیکەوە تا ئێستا، لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی کورد بە گشتی دەبینرێت. ئەم گرفتە، بەشێکە لە گرفتێکی گەورەتر کە ئەویش



نەبوونی زمانی ستاندارد و نەتەوەیی و هاوکات کوردییانەی پەتی و ڕەسەن لە شیعردا، هەڵبەتە زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانە ورد و هەمە زاراوە و هەمە ماناکانی جیهان کە وردەکاری زمانەوانی ئەوتۆی تێدایە کە لە زمانەکانی دیکەی جیهاندا نییە. بۆ نموونە: (جەستە، تەرم، لاشە، ڕوفات) هەر یەکەیان ئاماژەن بۆ دۆخێکی جەستەیی دیاریکراو، ئەمە لە زمانەکانی دیکەدا (عەرەبی و ئینگلیزی) بوونی نییە مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە کە کورد گرفتی هاو واتا و زاراوەسازیی نییە، بۆیە ئەگەر شاعیرانێک وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیاندا هەبێت، ئەوە پێوەندی بە دنیابینی و تێگەیشتنی خۆیانەوە هەیە، نەک خودی زمان، کاتێک شاعیرێکیش ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە وشەی عەرەبی لە ئەزموونی شاعیرانی تردا هەیە، دەبێ خۆی زمانێکی تەواو کوردییانە و خاڵی لە وشەی عەرەبی هەبێت، ئەو کاتە ڕەخنەکەی شوێنی خۆی دەگرێت. حسەین لەتیف خۆیشی لە شیعرەکانیدا، نەک تەنیا وشەی عەرەبی، بەڵکوو ئایەتی قورئانی پیرۆزی داناوە، کە سەرتاپای عەرەبییەکی ڕاستەقینەیە و هیچ پێوەندی بە زمانی کوردییەوە نییە، بەو پێیەی قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە، بۆیە ئەویش هاوشێوەی (دلاوەر قەرەداغی و جەمال غەمبار)، دەیان وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیدا هەیە، لە کۆمەڵە شیعری (جەنگ نیازی ئاوابوونی نییە)، پێنج ئایەتی قورئانی تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە، شاعیرە کلاسیکەکانیش هەر ئەمەیان کردووە، ئەگەر پاساوی نووسەر ئەوە بێت کە زمانی قورئان عەرەبییە، بۆیە بە عەرەبی ئایەتەکانی داناون، ئەوە پاساوێکی لاوازە، چونکە ئێستا ئایەتەکانی قورئان بە کوردی کراون و دەیتوانی بە کوردی دایان بنێت، ئەگەر لە خەمی زمانی کوردیدایە و لەو سۆنگەیەشەوە ڕەخنە لە شاعیرانی تر دەگرێت، هەر لەو کۆمەڵە شیعرەی (حسەین لەتیف)دا ئەم وشانە هەن کە هیچیان کوردی نین و هەندێکیشیان عەرەبین. ئەوانیش: (موعجیزە، قیبلە، مستەر، گۆلف، قارداش، ستیان، مۆدێرنە، زەمهەریر، ڕەمز، حیجاب، ئیمان، ئاغا، یابە، تەوق، میتامۆرۆفۆس)، ئەم وشانە، هیچیان کوردی نین، تەنانەت لە زمانی کوردی هاوواتاشیان هەیە، کەواتە بۆچی شاعیر ڕەخنە لە غەمبار و قەرەداغی دەگرێت کە وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیاندا هەیە، ئەگەر ئەمان زمانی کوردییان لە شیعرەکانیاندا بە عەرەبی کردبێت، ئەوە حسەین لەتیف لە یەک کاتدا، لە شیعرەکانی خۆیدا، زمانی کوردی بە (عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی) کردووە. سەد هەنگاو زیاتر لەو دوو شاعیرە بۆ دواوە گەڕاوەتەوە و بۆ (نالی) و (گۆران)ی جێ هێشتووە، هاوکات لە شیعرەکانی کۆمەڵەی شیعری (دەرگاکان بە زەردەخەنە دەکرێنەوە) کە ئەویش هەر هی خۆیەتی، ئەم وشانە دەبینرێن (ئەجەل، فۆتۆ، شەحاتە، جەنەڕاڵ، سندووق، موبتەدا، خەبەر، تیلاوە، دەفتەر) ئایا ئەمانە لە کوێدا وشەی کوردین؟ تا شاعیر ڕەخنە لە شاعیرانی تر بگرێت کە وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیاندا هەیە؟

بۆیە پرسی ڕەنگدانەوەی وشەی بیانی لە زمانی کوردیدا، پرسێکی ئاڵۆزە و ناکرێت ئەو بابەتە بە دوو شاعیری دیاریکراو ببەستینەوە، وەک خوێنەرێک لەبەر ئەوەی سەروکارێکی زۆرم لەگەڵ دنیای کتێب و خوێندنەوەدا هەیە، ئیدی دەزانم کەم نووسەری کورد هەیە، لە دەقەکانیدا پەنا نەباتە بەر وشەی بیانی بۆ نووسین، بۆیە ئەم دیاردەیە ئەو کاتە نامێنێت، کە زمانێکی ستانداردی یەکگرتوومان هەبێت، یان دەزگاکانی دەوڵەت بە کوردیکردنی نووسین بە گشتی بکەنە فەرمی.